به ناوی کوردستانی گەورە .

soransa@hotmail.com

ح . س . سوران

# فرمێسکی رۆح :

( پێشکەش بە سەردارانی گومناوی کوردستان)

لە کاتێکا کە هەوری هەست ، لە قەلبمدا ئەگرمێنێ
برووسکەی هێزی ئەو هەستە ، سروشکی شێعر ئەبارێنێ

تکەی بارانی چاوانم ، لە سەر ئەم عەرزە پیرۆزە
بە تاقم سەروی ئازاد و نەمامی تازە ئەروێنێ

کەوانی کۆلکە زێرینە ، بەرابەر رۆژی ئازادی
لە تاقی تاقی نوسرەتدا ، خەزێنەی رەنگ ئە خەملێنێ

چەمی سێلاوی ئەسرینم ، لە زاب و گادەر و کەلوێ
بناغەی بەردی بێدادی ، لە بێخ و بن لە بن دێنێ

گولالەی سووری ئەم هەردەلە کێو و دەشت و دەر دەرێ
دروشمی نەخشی خوێنینی شەهیدانم ، ئەنەخشێنێ

لە قیبلەی قنجی قەندیلەو ، هەتا سەر سوجدەگاهی من
فریشتە سەف ئەکێشێت و مەلایک عەتر ئەپرژێنێ

تکەی بارانی رۆحی من ، لەسەر ئەم زێدە زەنوێرە
زنەی زانست ئەتۆقێنێ و گولی هیوا ئەپشکوێنێ

پژەی بارشتی ئەسرینم ، لە مانگی خاکە لێوەی گول
سەری سەد خەلفی سەربەستی لە ژێر خولا وەدەر دینێ

لە مەیخانەی تەبیعەتدا ، هەوێنی بادەیی رەنگین
تەواوی رەنگی دورەنگی و ریاکاری ئەبەتلێنێ

هەوا وا روون و بێگەردە ، ئەلێی جێ خیلی پەریانە
کە یارم تەقیە ئەشکێنێ و کە پەردەی عادەت ئەدرێنێ

دەسی سەرداری گومناوی شەهیدانی نیشتمانم
نیشانەی فەخری سەربەرزی ، لە سەر شانم ئەچەسپێنێ

سروشی عادلی گیتی ئەخوێنێ دادنامەی حەق
سروودی بەرزی رزگاری بە گوێی گەلما ئەچرپێنێ

ئەوینی پەرچەم و خالی وەنەوشەی ئەزمەر و شاهۆ
بەلێنی وەسلەتی پێیە و دلی سۆران ئەلاوێنێ

